## سۆران عومەر بۆ بەوشێوەیە گڕت گرتوە؟ ... جەمال عەزیز

دنیایی نووسینو بیرکردنەوەو داهێنان گەلێك مرۆڤی وەك (مەریوان هەڵبجەیی) بەرهەم دێنێ كە بۆ مەبەستی ئاشكراكردنو روونكردنەوەی ڕاستیە شاراوەكانی سەدان ساڵە و خۆڵ لەچاوكردنی مرۆڤەكان قۆڵی جوامێریو هۆشمەندی و داهێنانی لێهەڵدەماڵن و مۆمی ئازادی و ڕۆشن فكری هەڵدەكەن بۆ ڕوناك كردنەوەی ڕێگەی ژیانی گەلەستەم دیدەو ڕێگە ونەكەی، زۆرن ئەوكەسانەی وەك مەریوان هەڵبجەیی نووسەرو داهێنەرو هەق بێژ چ لەپێش مەریوانو چ لە پاش مەریوان ئەو ڕاستیانەو چەندین ڕاستی تریش پشت ڕاست دەكەنەوە، زۆرن ئەو نووسەرە بوێرانەی كەنوكی خامەیان دەخەنە سەر ڕووی پەڕاوەكانو بەگڕی ڕۆشن فكریو بەبیركردنەوەو داهێنان ڕێگە وێڵەكانو شەوە دەیجورەكانی گەلەكەمان ڕۆشن دەكەنەوە، گەلێكن ئەو شەهیدە نەمرە نووسەرانەی كە خوێنی گەشیان كردە نێو چرایی زانستی میللەتەوەو بوونە مۆمی ڕێگەی سەرفرازی گەلو نیشتیمان بۆ زانستو داهێنان.

بەڕێز كاك سۆران عومەر لە تێڕوانینی خۆتەوە بۆ خۆت تۆ مرۆڤێكی لە دەوری پێنووسو پەڕاو و وشەدا خۆت دەبینیتەوە بە پێنووسەكەت بەرگری لەئایدۆلۆژیاكەت دەكەیت، بەڵام لێ تێگەشتنو ڕۆچوونت بەشێوەیەكی نەگەتیڤانە لەو ئایدۆلۆژیایەت كە كردوتە بەبەرنامەی ژیانت بەڕێگەی هەڵەو دوور لەئاوەدانیتدا دەبات، لەبەر ئەوەی تۆش وەك زۆرینەی نووسەرەكانی پێشو پاشی خۆت لە هەمان قوتانخانە و هەمان وانە دەخوێنیت لە زمانی كوشتنو سوتاندنو زمان بڕین چیتر فێرنابی ئەوەش لەتواناو هۆشی خۆت بەدەرە لەبەر ئەوەی وانەكانتان كەفێری دەبن لە (ئەلف تاكو یێ) لەزمان بڕینو مل پێكەچ كردن چیتری تێدا نیە تاكو فێری ببن.

بەڕێز كاك سۆران عومەر تۆ یەكەم كەس نیت كە فتوای كوشتن دەردەكەیت لەكوردستاندا، تۆ یەكەم كەس نیت كە خۆڵ دەكەیتە چاوی گەنجانو لاوانی وڵاتەكەم، تۆ یەكەم كەس نیت كەنووسینو لێكۆڵینەوەكان لەسەر ئیسلامو دنیای ئیسلامی بەڕۆحێكی لێتێگەشتنەوە قبووڵ نەكەی، كاك سۆران تۆ یەكەم كەس نیت كە خوێنی ڕۆشن فكران حەڵاڵ دەكەیتو پاشان وەك بەرزەكی بانان بۆی دەردەچن لەبەرئەوەی لەوڵاتێكدا دەژیت پاشاگەردانیو شاری بێحاكم و زۆر لەكاربەدەستانو سیاسەتمەداران چاویان بەستراوە لەبەرامبەر ناهەقیەكانی تیرۆرو تیرۆرستانی ئیسلامی لەكوردستاندا، بەڵام ئەمەوێت ئەوەت پێبڵێم كەئێوەی ئیسلامی سیاسی لەكوردستان هێندە ترسنۆكن تاكو لەڕادەبەدەر لەزۆركاتدا لەئەنجامی ترسنۆكیتاندا لە بەرگی مرۆڤی خۆشتاندا دەچنەدەرەوەو خۆتان وەك بەدەر لەمرۆڤایەتی دێتە بەرچاو، ، فتوای كوشتنو خوێن حەڵاڵ كردنی شاعیری گەورەی كورد بەڕێز (شێركۆ بێكەس) لەلایەن ئێوەوە دەرچوو لەبەر ئەوەی باسی پێڵاوەكانی خودای كرد لەیەكێك لەهۆنراوەكانیدا بەڵام لەبەر ئەوەی كە حیزبێكی سیاسی بەهێز پاڵپشتی بوو ئێوەش هێزێكی ترسنۆكن نەتانتوانی جێبەجێی بكەن هەرچەندە من زۆر دەست خۆشیو سوپاس گوزاری خۆم بۆ ئەو لایەنە سیاسیە دەردەبڕم كەئەو هەڕەشە پشت شكێنەی لەئێوەی ترسنۆك كرد تاكو پەشیمان ببنەوە، ئێوە بوون فتوای كوشتنتان بۆ (سەلمان ڕوشدی) دەركرد بەڵام لەبەر ئەوەی وەك پیشەی هەمیشەیتان ترسنۆكن و لەبەر ئەوەی ناوبراو وڵاتێكی بەهێز پاڵپشتێتی نەك نەتانتوانی فتواكە جێبەجێ بكەن بگرە نەشتانتوانی بە بەردەرگاكەشیدا بچن، بەڵام ئێوە شێرن بۆ كاروكردەوەی تیرۆرستیو

(هین.... .... فرسەتی) بۆ کەسێکی وەك مەریوان هەڵبجەیی و عەبدولخالق مەعروف لەبەرئەوەی حیزبو لایەنی سیاسی پاڵپشتیان نیە و تەنها کۆمەڵانی خەڵك دەبێتە سوپەریان.

بەڕێز کاك سۆران عومەر ئەمەوێت پرسیاری ئەوەت لێبکەم بۆ؟ تۆ یاخود ئەوانەی ترتان کەخۆتان بەنووسەرو ڕۆشنبیر ئەزانن لەدەریایی سیاسەتدا خۆتان بەمەلەوانی بێپشوو دەزانن وەڵامێکی زانستیو ئارام بەخش بۆ کتێبەکەی مەریوان هەڵبجەیی نانووسن و وەڵامێکتان هەبێت بۆ ئەو هەموو مرۆڤە سادەو ساویلکەیەی کەبەزوڕناکەتان هەڵدەپەرن، لەدوو لاوە ئێوە سوودمەند دەبن یەکەم وەڵامێك دەبێت بۆ کتێبەکەی بەڕێز مەریوان هەڵبجەییو دووەم کتێبخانە هەژارەکەشتانی پێدەوڵەمەند دەبێت و بیرو بۆچوونەکانیشتان ئەکەوێتە دوو تایی تەرازووی دژ بەیەك لەدنیای سیاسەتو لێکۆڵینەوە.

بەڕێز سۆران عومەر ئەتوانی ئەم کارە بکەیت ئەگەر وەك مرۆڤێکی سەدەی بیستو یەكو باوەڕ هێنەر بە زانستو تەکنەلۆژیا بیر بکەیتەوەو، بەدەستی خۆت ئەو پەڕۆ ڕەشە لەسەر چاوت لاببەیت کە دنیای لێتێگەشتنو گفتوگۆی لێشاردویتەوەو دنیایەکی خەیاڵ پڵاوی هێناوەتە بەر تاریکایی چاوەکانت، بەڕێز لەبری نووسینی فتوای کوشتن بە پێنووسەکەت لەبری کردنی نووکی پێنووسەکەت بە ڕم و شمشێر بۆ چاو وگیانی مەریوانەکانی کۆمەڵگایی مرۆڤایەتی ئەتوانی وەك پێنووس بەکاری بهێنی بەمەرجێ ئارەزووی تینوو شکاندنت نەکەی بەخوێن، لەبەر ئەوەی ئەو مرۆڤانەی تۆ فتوایی کوشتنیان دەردەکەی ڕێزیان لەتۆ وهاوبیرەکانت زیاترە بەراورد بەگشت مرۆڤایەتی لەگێتیدا، تۆش ئەتوانی لەسەر ئەو زەویەیی کەگۆڕێکی ناهەقی تێدا هەڵ دەکەنی گوڵێك بڕوێنیو لەتەنیشتیەوە بنووسی نا، نا، نا بۆ ئەو ئایەتەش کە خوێنی هاوزمانەکانمی حەڵاڵ کرد.

بەڕێز ئەگەر ئەوەشت پێناکرێ ئەتوانی بنووسی نەخێر هەزار جار نەخێر بۆ نووسینەکانی مەریوان هەڵبجەیی و بۆ بیر کردنەوەی، تاکو ئەتوانی بنووسە بەڵام فتواو کوشتن نا لەبەر ئەوەی هێرشو کوشتنو لەناو بردنو سڕینەوەی بوونی مرۆڤێك هەرکەس بیکات بەناهەق دیارە کەمرۆڤ نیەو دوورە لەهەموو پێناسەیەکی مرۆڤەوە، ، مەریوان باسی لەلووتو ابراهیمو داودو محمەدو ژنەکانی کردوە کەبەبۆچوونی تۆ و هاوبیرەکانت باسێکی نێگەتیڤە بەڵام ئایە؟ بەو نووسینە ڕەوڕەوەی ژیان یان چۆنیەتی هاتنو چوونی شەو ڕۆژ تێك چوو ئەوەندەی کە مەریوان بەرچاوی هەزارانی وەك تۆی ڕۆشن کردۆتەوە ئەگەر بتانەوێ.

کاك سۆران ئێوە کارتانو بیرتان و وتارتان جیاوازن لەیەك ئێوەی ئیسلامی سیاسی دەڵێن وەرگرتنی تۆبە یاخود پەشیمان بوونەوە لەهەڵەو کەمو کورتی تەنها خودای گەورە ئەتوانێ تۆبە قبووڵ بکات بەڵام تۆ بۆ جاری دووەم داوای تۆبەو پەشیمان بوونەوە لەمەریوان هەڵبجەیی دەکەی ئەمەوێت لێت بپرسم کە ئایە؟ تۆ خودای لەسەر زەوی یاخود نوێنەری خودای لەسەر زەوی، هەروەها ئەم وشەی پەشیمان بوونەوە و تۆبەکردنە تەنها لەعەقڵی تۆ و هاو بیرەکانتدا جێگەی بۆتەوە، ، من پێت دەڵێم سوودی چیە مەریوان پەشیمان بێتەوە یاخود نا هەزارانی وەک من و تۆ بەباشو بە خەراپ کتێبەکەی مەریوان هەڵبجەییان خوێندۆتەوە و ئەزانن کە (سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا) چی کارەساتێکە.... .